ماکرۆن: فەرەنسا لەگەڵ لوبنان کاردەکات بۆ دیارکردنی سنور ئاوەدانکردنەوەو مەشق و هاهێنان بە سوپا

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لە میانی سەردانێکی بۆ لوبنان ڕایگەیاند، لوبنان لەسەر ڕێگا هاستەکەیە و حکومەتی نوێ دەستیبەکارکردوە بۆ ئەوەی کەمەگەی نوودوەتی یارمەتی لوبنان بدەن لە ئاوەدانکردنەوەدا، دەشێت، "فەرەنسا لەگەڵ لوبنان کاردەکات بۆ دیارکردنی سنور، ئاوەدانکردنەوە، مەشق و هاهێنان بە سوپا".

ئیمانوێل ماکرۆن، ئەمە هەینی لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانید لەگەڵ جۆزف عەون سەرۆکی نوێی لوبنان لە کۆشکی سەرۆکایەتی لە بەیروت ڕایگەیاند، لوبنان لەسەر ڕێگای هاستەکەیە لەگەڵ جۆزف عەونی سەرۆک کەمار، ئەو دەستی بەکارکردوە بۆ ئەوەی کەمەگەی نوودوەتی یارمەتی لوبنان بدەن لە ئاوەدانکردنەوەی وەاتدا.

ئاماژەی بەوەشکرد، فەرەنسا لەگەڵ لوبنان کاردەکات بۆ دیارکردنی سنور لە هەی شین، هاوکات کاردەکەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی لوبنان، مەشق و هاهێنان بە سوپای ئەو وەاتە دەکەن و سەرتا بە 500 سەرباز دەسپەدەکەن.

سەرۆکی فەرەنسا باسی لەوەشکرد، سەردانەکەی بۆ ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندییە دوقەییەکانی نەوان

هەردو وڵات، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر پشتیوانی بەردەوامی وڵاتەکەی بە لوبنان لە بوارەکانی سەروەری خاکی ئەو وڵاتە، سەقامگیری و چاکسازییە ئابورییەکان.

لایخەیەوە جەزف عەون سەرۆك کۆماری لوینان ڕایگەیاند، دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، خەڵکی لوبنان متمانەیان بە دەوڵەتەکەیان بە گەڕاوەتەوە، هەروەها هەوڵدەدەن متمانەی جیهانیش بە لوبنان بگەڕێنێنەوە.